# کاتی ئەوە نەهاتبوو برۆی

سەردار عەزیز

کافێ ئەڵمانیەکە لە پشووی نیوەرواندا بێدەنگە. من تەنیا یەک سەعاتم هەیە بۆ ئەوەی شتێ بخۆم، ڕۆژنامەیە بکرم و پاشان لە گەڵ کاپۆچینۆ خواردنەوەدا بیخوێنمەوە. ئەمرۆ شەممەیە، من تینووی هەواڵێکم، هەواڵی مەرگی پیاوێک کە لە مێردمناڵیمەوە بە ناوی شارەزام. پیاوێک ناوی ئارثەر میللەرە، چەند فرۆشگایەک بە تەنیشت کافێ ئەڵمانیەکەوە، یەکێک لە هۆڵە گەورەکانی شانۆی شارە. ساڵی پار کاتێ بۆ رادیو ئیشم ئەکرد داوەتکرام بۆ ئەوەی لەوێ شانۆگەری "هەموو کورەکانم" ببینم. میللەر لەو شانۆیەدا تراژیدیای ڕۆژانی پاش شەری خێزانێکی ئەمریکی پیشان ئەدا. بەڵام ئەوەی لە هەموان زیاتر میللەری پێناسراوە دەقی "مەرگی دێوەرەیەکە" کە تەنها شەش هەفتەی ویست بۆ ئەوەی بینوسێ. ئەوەیە تای نوسین، ئەو تایەی لە سەرەتاکانی سەدەی پێشودا لە کافکای داو لە دوو هەفتەدا شاکارێکی وەک میتامۆرفۆسەی پێنووسی. میللەر وەک کافکا جولەکەیە، بەڵام رەنگە ئەوە هەموو شتێک بێت لەنێوانیاندا. میللەر لە، باوک و دایکێک بە رەچەڵەک پۆڵۆنی، لە هارلمی نیویورک لە دایک بوو، ئەو بەشەی شار کە شوێنی رەش پێست و هەژارانە. هەرچەندە ئەو ڕۆژانەی میللەری تیا گەورەبوو، ئەمریکا سەرتاپا هەژاربوو. ڕۆژانی تێکشکانی بۆرصەی (وۆل ستریت) بوو. بەڵام میللەر خۆشبەخت بوو، هەرزوو لە هارلم گواستیانەوە، ئیتر ئەو بوو بەیەکێک لە مناڵەکانی (سەبروب) قەراخ شار؛ لە ئەمریکا پارەدارەکان لە قەراخ شار دەژین بۆ ئەوەی بتوانن ماڵی گەورەو باخچەی گەورەتریان هەبێت. بەڵام لە تەمەنی چواردەساڵیا ، وەک زۆر لە خێزانەکانی تری ئەو سەردەمەی ئەمریکا باوکی بە هۆی تێکشکانی بازارەوە کەوتە سەر ساجی عەلی. هەر ئەم ڕووداوە بوو بەرەو دەقەکانی دیکنزو ئیپسنی برد وەک ئەوان ئەو بروایەی تیا چاند کە نەهامەتی رەنگە لەپڕ بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک خۆی بکات بەماڵا. میللەر کە گەورەبوو ڕۆشتە زانکۆی ئان ئاربۆر لە مەشیگان، بۆ ئەوەی ببێتە ڕۆژنامەنووس. هەرلەوێ یەکەم شانۆنامەی نووسی بە ناوی (نۆ ڤیلیان)؛ ڤیلیان ووشەیەکی کۆنی فەرەنسیە بەمانای خزمەتکاری کێڵگە دێ، بەڵام لە زمانی ئەمرۆی ئینگلیزیدا بەو کەسە ئەوترێت کە تاوانێکی ئەنجام داوە، لە هەمانکاتدا لە دەقی ئەدەبیدا مانایەکی تری هەیە، لەوێدا بەو کەسەی دەوترێ کە دژ بە پاڵەوانی ڕۆمان یان شانۆکەیە. بۆیە دەکرێ ناونیشانەکە بە چەند جۆرێک وەربگێردرێت وەک؛ نەخێر رەقیب یان نەخێر پیاوی بەد. میللەر سەرەرای ئەوە شانۆنامەنوسێکی گەورەو ناسراوە لە دونیادا، سەربوردەی ژیانیشی بۆ خۆی لە ئەفسانەی دەقێک ئەچێت. پیاوێک هەشتاونۆ ساڵ ژیا تا دوا ڕۆژانی نەخۆش کەوتنی سەرەرای ئەوە بە دەست شێرپەنجەوە دەیناڵاند بەڵام هەر بەردەوام بوو لە نوسین. هەر ئەم کۆششە بەردەوامە وای لەهەندێ شارەزایان کردوە بڵێن؛ ئەگەر سەدەی بیست سەدەیەکی ئەمریکی بوو ئەوا میللەر یەکێک بوو لەوانەی کە بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداری تیاکرد. بەڵام ئەفسانەبوونی ژیانی میللەر لە دوو جێگای تری زۆر جیاوازەوە دێن؛ یەکێکیان ئافرەتەو ئەوی تریشیان سیاسەتە. کاتێ کە میللەر ژنە ئەکتەری بە ناوبانگی جیهانی مارلین مۆنرۆی مارەکرد، ژیانی سەرتاپا گۆرا. پەیوەندیەکەیان پێنج ساڵی خایاند، بەڵام هەتا ڕۆژ مردنی بەشێکی گەورەبوو لە ژیانی. پەیوەندیەکەیان پەیوەندیەکی سادە نەبوو، هەریەکەو لەئەوی ترا بیرۆکەیەکی مارەکردبوو. مارلین بە میللەری دەگووت، "پاپا"، بەلای میللەریشەوە مارلین مۆنرۆ شۆرشگێرێکی ئایدیال بوو. بەڵام لەبواری سیاسەتدا میللەر پیاوێکی رەخنەگری سەرسەختی دەسەڵاتی ئەمریکی بوو. لە سەردەمی مەکارثی-دا بانگهێشتی دادگا کرا، مارلین مۆنرۆ لە بەندکردن رزگاری کرد. سەرجەم دەقە شانۆییەکان و نوسینە ڕۆژنامەیەکان و ئەو تێکستانەی کراونەتە فلیم، هەر هەموو رەخنەن لە ئەمریکاو بونیادی دەسەڵات لەو وولاتەدا. میللەر لە سەرجەم دەقەکانیا چەند پرسیارێک ئەکات و هەردەم بەدوای وەڵام تازەدا ئەگەرا بۆیان. پرسیاری وەک، ئایا ئەمریکا چیە، یان ئەمریکا دەبێ چۆن بێت، چەندین پرسیاری نارەحەتی سادەی لەو شێوەیە. میللەر لە گفتوگۆیەکدا لە گەڵ مێژوونوسی ناسراو ئەریک هۆپسپاوم-دا دەڵێ؛ نەتەوەیەک کە لە کۆچبەر دروست بوبێت (مەبەست کۆمەڵگای ئەمریکی)، هەردەم و هەردەم پێویستی بە نامۆ هەیە، بۆیە هەردەم وە بەرهەمی دەهێنێتەوە. هەروەها دەڵێت؛ لە کۆمەڵگایەکا کە پێویستمان بە سونەتگەرای هەبێ هەردەم رەدوونان پێویست دەبێ. ئەم بیروڕایانە وای لە میللەرکردبوو کە خۆی وەک کەسێکی نامۆ ببینێت لە ئەمریکا. لە ماڵە گەورەکەی لە لادێ لە کەناتاکی، جۆرەژیانێکی وەک ژیانی هیندیە سورەکان هەڵبژاردبوو. سەرەرای ئەوە هەموو بەیانیەک سەعات شەش و نیو لە خەو هەڵدەستا، خۆی دەشت و دەرۆشت بۆ نوسینگەی نوسینەکەی کە هەر سەد مەترێک لە ماڵەکەیەوە دوورە، تا چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی.